# ئازاری "ئازار"ەکان و سەرجەم بەسەرهاتەکان *

سالّح محەممە دئەمین/ هۆلّندا

ئەگەرچی کەم سالّ و مانگ و رۆژ هەیە کارەساتێك بەسەر کورددا نەهاتبێ، بەلاّم بەهاران بەگشتی و مانگی "ئازار" بەتایبەتی، کە لە بری، وەك نەتەوە خواپێداوەکان، خۆ بۆ کەرنەڤالّ و سەیران و خۆشی وەرزەکە ئامادەکەین، دەستمان لەسەر دلّمانەو ترسی، پشکۆی ناو تازەکورەمان لێدەنیشێ، کە یەکبینە بۆ ئەم نەتەوە کلّۆلّە دەمێنراوەو، پێشتر جەرگی زۆربەی ژنانی دەڤەرەکەمانی هەلّقرچاندووەو، ئەژنۆی پیاوانێکی زۆری شکاندووە. . هەر کارەساتەو تەنگ بەوانەی پێشخۆی هەلّدەچنێ و، تۆپەلّە بەفری گلۆرەوەبووی سەرچیائاسا، تا بێ گەورەو گەورەتر و بە ئازارتر دەبێ و شوێنەواری واش جێدێلّن بیرچوونەوەیان مەحالّبێ. . تا ئەمرۆ، جیهان تەنیا دوو جەنگی بە خۆوە دیوە، کەچی بە ئامان و زەمان یەخەی ئێمە بەرناداو، کارەساتەکانیشیان هیچی وایان لە کارەساتەکانی ئەو دوو جەنگە کەمتر نییە کە گۆڕانکاری زۆری لە نەخشەی دنیا لێکەوتەوە: "کاتێك بەلّگەنامەکان هەلّدەدەیتەوە ـ مەبەست بەلّگەنامەکانی ئەنفالە ـ هەستدەکەیت وەك لە دنیای سەربازگە گرتووخانەکانی نازییەکان و هەلّمەتەکەی (دوا چارە) دا بیت، کە هێتلەر لە ڕیشەکێشکردنی سەرجەم نەتەوەکانی؛ ئۆکرانیو قەرەج و پۆلّەندی، ئەمە جگە لە جوولەکە، هونەری دەنواند. کە لەپشکنینیان دەبیتەوە سیناریۆیەکی تەواوی دڕندانەترین لاپەڕەی مێژووی سەردەمت بۆ دەردەکەوێ" [١] . کارەساتەکانی سالّی ١٩٨٨ یش بە کیمیابارانی هەلّەبجەی شەهیدیشەوە، ئەو هەلّەبجەیەی دوای دەیان سالّ شۆڕشی بەردەوام و نەپساوەی نەتەوەیەکی لە بیرکراو، گەلانی دونیای لە پرخەی خەوی بێئاگایی ڕاچلّەکاندو، مرۆڤدۆستانی لە ئاست قەلاچۆکردن و هەولّدان بۆ بنبڕکردنی نەتەوەیەکی ڕەسەنی سەر خاکی خۆی وریاکردەوە، جا با بۆماوەیەکی کەمیشبێ کوردی بە دنیا ناساند. . هەلّەبجە شارێکی ئەو بەشەی کوردستانە کە بە دەولّەتی عێراقەوە لکێنراوەو "دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاّتی بەغدای پایتەخت و ٢٦٠ کم لێوەی دوورە، ١٦ کیلۆمەتر لە سنووری ئێران و، ٦٥ کیلۆمەتریش لەسەرووی سلێمانییەوەیە کە گەورەترین قەزای ئەوشارەو، یەکێکیش بووە لە قەزا گەورەکانی عێراق. بەر لە بۆردومانکردنەکەی ژمارەی دانیشتوانی ٨٠٠٠٠ کەس بووە. لە کیمیابارانەکەدا ٥٥٠٠ کەس یەکسەر گیانیان لەدەستداوەو، بەوانەشەوە کە دواتر بە دەم زامەکانیانەوە سەریان نایەوە بوونە ١١٥٣٥، ٨٨ کەس لە ژێرزەمینی یەك مالّدا مردووەو، لە ١٢٠ هەنگاودا ١١٢ شەهید ئامارکراوە. دواتر لە خێوەتگایەکدا ٩٦٧ هەتیو سەرژمێرکراوە. دوای کیمیابارانەکەش بۆ ماوەی دوو سالّ سەرجەم مامۆستایانی ئەوشارە دەستیان لەکار کێشراوەتەوە" [٢]

ناکرێ کارەساتە جەرگبڕەکەی هەلّەبجەی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨، بەدەر لەبەسەرهاتی کوردستان بەگشتیو باشوورەکەی بە تایبەتی باسکرێ. . بەلاّم دەکرێ بەسەرهاتی کورد بەگشتی لە کارەساتەکەی هەلّەبجەدا ببینرێتەوە. من نامەوێ لێرەدا بە دووروو درێژی باس لە مێژووە خوێناوییەکەی کوردو شێوازی ستەم و سزادانە نا مرۆڤایەتییەکانی دوژمنانیو، هەموو مرۆڤایەتی بکەم کە بەڕاستی ئەمیان لە ئاست ئەم نەتەوەیەدا، لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا کەمتەرخەمییەکی دیاری نواندو بەجۆرێك پشتگوێیخست کە بەسەدان هەزار ڕۆلّەی بوونە قوربانی ئەو پشتگوێخستنەیان. دەبێ گوێپێنەدان لەوە زیاتر چیبێ کە دوای کارەساتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بەرامبەر بەکورد کرا. کاتێك بڕیاری دامەزراندنی دەولّەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکانی بندەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئەو سەردەمە، کە ناوی (پیاوە نەخۆشەکە) ی بەسەردا دابڕابوو، بەکوردیشەوە ـ درا، کەچی کە بیرۆکەکە لەسەر لاکی پیرەی دەردەدار جێبەجێکرا، خراپ بەسەر کوردی کلّۆلّدا شکایەوەو لەبری دامەزراندنی دەولّەت، بە پێی "یەکێك لە چواردە خالّەکەی سەرۆك ـ وودرو ویلّسون ـ ی سەردەمی یەکەم شەڕی جیهانیش، قسە لە پەیمانێکی تەمومژاوی دەکات کە وولاّتێکی سەربەخۆ لە جەستە داتەپیوەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ کورد دابڕرێت. . . " [٣] دوو پارچەییشیان پێڕەوا نەبینیو بۆ زیاتر لە چوار بەشی وا پەرتکرا کە بارەکەی هێندەی دی

گرانترو ئالۆزترکات ". . . دابەشکردنی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی لە ساڵی ١٥١٨ی پاش شەڕی چاڵدێران بەگشتیو، بەتایبەت لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی گێتی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەی سەرەکیداو. . . " [٤] . بەرژەوەندی دەوڵەتانی هاوپەیمان لەوەدا بوو، کە لە لایەکەوە کەمال ئەتاتورک، ئەنقەرەی بەناوی کۆماری نوێی تورکیاوە لە پیرە دەردەدارەکە دابڕی، ئەوەش باشترین دەرفەتی بۆ گیان بە دەستەوەدانی نەخۆشە بێچارەکە هێنایە ئاراوەو، هەر ئەویش بە بەدیهێنانی دەوڵەتە سەربەخۆکەی کورد قایل نەبوو "تورکیای نوێی مستەفا کەمال ئەتاتورک ڕەتیکردەوە. " [٥] . لەلایەکی تریشەوە دۆزینەوەی نەوت لە چەند ناوچەیەکی ولایەتی موسڵدا، کە ئەوکاتە بڕیاربوو لەگەڵ سوریادا بە فەرەنسا بسپێردرێ، بەریتانیای والێکرد، پێش مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتنە دەست بەسەر ولایەتەکەدا بگرێو بۆ بەرژەوەندی خۆی بیلکێنێ بە دەوڵەتی عێراقەوە، کە لەو دەمەدا (کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم) خەریکی دروستکردنی بوون "لکاندنی ولایەتی موسڵ بەدەوڵەتی عێراقەوە، لەبەر بەرژەوەندی دەوڵەتی بەریتانیا. . . ولایەتی موسڵ بەپێی ڕێکەوتننامەی نێوان بەریتانیا و فرنسا کە ناسراوە بە (سایکس ـ بیکو) لە ساڵی ١٩١٦دا مۆرکراوە، ئەم ولایەتە لەبەشی فرنسا بووە، بەڵام هەردوو ولایەتی بەغداو بەسرا هی بەریتانیا بوون، ئەمە باشترین بەڵگەیە کە ئەم دوو دەوڵەتە ولایەتی موسڵیان بە بەشێك لە عێراق نەزانیوە. " [٦] . لەو کاتەشەوە کە (میر فەیسەڵ) یان بۆ پاشایەتی دەوڵەتە نوێکەی (عێراق) هێنا، ئەویش کە پاشایەتی سوریای بۆ نەچووە سەر، کەوتە هەوڵی دامەزراندنی سوپایەك کە خۆی ووتەنی "لە یەك کاتدا توانای شەڕکردنی لە دوو شوێنی دوور لە یەکی هەبێ" [٧] . بە پەیماننامەی (لۆزان) ی ساڵی ١٩٢٣ کوردستانیان کرد بەو چوار پارچەیەی کە یەکگرتنەوەی زۆر لەسەر ئەو نەتەوەیە بکەوێت، ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبە بەنرخەکەیدا ـ کوردستان کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتییە ـ دەڵێ: "ئەو پەیماننامەیە بۆ هەر یەکە لە کوردو تورك بایەخێکی هێجگار جیاوازی هەیە، ئەوەندەی پێوەندی بە تورکەوە هەبێ، پەیماننامەکە بۆتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ تورك، بەڵام بۆ کورد چەوساندنەوەو کۆیلەیەتی و کۆلۆنیالکردنی کوردستانی چەسپاندوە. . . . . گەورەترین کارەسات کە بەسەر مێژووی نەتەوەیەکدا بێت بوونێتی بە ئامانجی سیاسەتی پەرتکردن تا سوودی لێوەربگیرێت. " [٨]

لەکۆنەوە نەیارانی کورد، کوردستانیان کردۆتە تاقیگەی بەسوێترین سزاو یەکبینە شێوازی نوێیان تیادا تاقیکردۆتەوە. (جۆناتان ڕانداڵ) لە کتێبە بەنرخەکەیدا (دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی؟) چەندین نموونەی کۆن و نوێی لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە هێناوەتەوە، سەیرترینیان دەڵێ: "بەپێی جۆری سزادانی ناوچەکە، عوسمانییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، تێکڕای عەشیرەتی هەمەوەندی کوردستانی عێراقی ئەمڕۆیان، لەسەر ملنەدان و نالەبارێتی لە ڕادەبەدەرو جەردەیی بە ئاشکرای سەر ڕێگەوبانەکان (!!) ، بۆ لیبیا کۆچپێکردن، کەچی لەماوەی ٧ ساڵدا بەهەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێگەیان گرتەبەرو گەیشتنەوە جێگەی خۆیان. . . زۆربەی کورد شتێکی لەم هەمەوەندێتییە تێدایە، بەتایبەتی کە بەرەنگاری کارەساتێك ببنەوە هێزە بیانییەکان بەسەری هێنابن. [٩] " نەیارانی کورد کە لە ناوخۆیاندا لەسەر هیچ شتێك ڕێکنین و بگرە ناکۆکیشن، کەچی لەسەر لێدانی کوردو لەناوبردنی، موو بە نێوانیاندا ناچێ. خۆ کە دەستەو یەخەش دەبنەوە، ئەوا کوردستان دەکەنە گۆڕەپانی جەنگ: "شەڕ کاولکاری زۆری بە خۆیەوە هێنا، بەردەوام بوونیشی بۆیەك سەدە زیاتر کوردستانی وێران و کاولکرد. . . هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە نەك هەر کوردستانیان کردە گۆڕەپانی جەنگی نێوانیان، بەڵکو تەکنیکی خاکی سووتاویشیان تیادا بەڕێوە دەبرد تا هەر یەکە ئەوی تریان لە توانا مرۆڤانەکەی کوردستان بێبەشبکات، کۆچیان بە کوردکرد. " [١٠] . دیسان دەڵێ: "ڕاگوێزانی زۆرەملە سزادانێکی توندی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. سوڵتان سەلیمی دڕندە، پاش سەرکەوتنی لە شەڕی چاڵدێراندا، سەرجەم عەشیرەتە کوردەکانی بۆ ناوەندی باشووری ئەنادۆڵ، بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی باشووری ئەنقەرە ڕاگواست. . . لەساڵی ١٥٣٤ ـ ١٥٣٥دا سەفەوییەکان، لە بەردەم شاڵاوی سەربازە سەرکەوتووەکانی عوسمانیدا، شارو گوندی بە دوای یەکدا وێرانکردو ئاگریشیان

له دهغڵ و دانیان بەردا، کانیو کارێزو بیرەکانیان کوێرکردنەوەو. . . "[11] . ئەمڕۆش، ئەگەرچی دنیا زۆر گۆڕراوەو کێشەی کوردیش بەوجۆرەی ئەو ڕۆژگارە نییەو، تەنانەت بەرژەوەندییەکانیش هەمان بەرژەوەندی ئەوسانیین، بەڵام هەڕەشەکانی تورکیا دەنگی هەمان زەنگ بە گوێماندا دەدات و، ترسێکی گەورەی بەسەرهاتێکی سەختی ئەم "ئازار"ەشی خستۆتە دڵمانەوە. . جا ئەگەر لەسەر ئەمە بڕۆین ئەوا نەك هەر بە باسێکی چەند لاپەڕەیی وا کۆتایی نایەت بەڵکو چەندین بەرگیش قەترە بەدەریادەبێ. ئەم تراژیدیایە، هەر لەسەرەتاوە بەو جۆرە بەردەوامبوو، تا لە کیمیا بارانکردنەکەی کوردستاندا بە گشتیو شاری هەڵەبجە بە تایبەتی گەیشتە لوتکە. ئەویش کە، ڕژێم دیزە بەدەرخۆنە کردنی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان و ئەو فیلمانەی بۆ نەکرا، کە بە درێژایی تەمەنی حوکمەکەی، یەکەمینجاربوو لەو ڕێگایەوە پەردە لە ڕووی نیازە ترسناکەکەی بەرامبەر کوردی بۆ دنیا هەڵماڵرێت، چونکە تا ئەو کاتە چی بکردایە ژێربەژێر بە نهێنی دەمایەوەو، نەك گەلانی دنیای لێ بێئاگا دەکرد، بەڵکو چاوبەستی لە کورد خۆشی دەکرد.

وا ئەمڕۆش، لەم مانگی ئازارەی ٢٠٠٣دا، پلانێکی گەورەی تر بۆ سەرکوتکردن و داگیرکردنمان بە ڕێوەیە. ئەگەرچی لە لایەك هەڕەشەو بەڵێنی خراپ دەدرێت و لە لایەکی دیشەوە سووکە تروسکاییەك لەو سەری بەسەرهاتەکەدا بەدیدەکرێ. دەبێ سەرکردایەتی کورد، وریایانە ڕەفتاربکەن و دەستبڕینەکانی پێشووش لەبەرچاوگرن، چونکە بەرژەوندی زلهێزەکان چی بەڵێن و بەڵێنکارییان هەیە دەیپلیشێنێتەوە. . بەو هیوایەی لەم "ئازارە"یاندا بە کەمترین ئازار دەرچین!

* پێشەکی کتێبێکە بە هیوام لە داهاتوویەکی نزیکدا تەواویکەم.

١ ـ عائد من کردستان. . بلاد لا صدیق لها بقلم صنع الله ابراهیم، مجله الهلال المصریه نۆڤمبر ٢٠٠٠ ص ٨٩

٢ ـ عەبدوڵا محەممەد ئەمین نوێنەری لیژنەی سلێمانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ووتاری پێشوازیکردنی دانیاڵ میتران و کۆشنەری وەزیری تەندروستی فەڕەنسا، لە هەڵبەجە.

٣ ـ دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی؟ یان کلۆڵی نەتەوەیەك، نووسینی "جۆناتان ڕاندالْ" وەرگێڕانی بۆ کوردی "دوکتۆر خەسرەو شالْی" چاپی یەکەم ٢٠٠١، لاپەڕە ٢

٤ ـ کوردو دەوڵەتی کورد ـ عەدنان داودی ـ پەیامی ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٩ لاپەڕە ١٤

٥ ـ دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی؟ یان کلۆڵی نەتەوەیەك، نووسینی "جۆناتان ڕاندالْ" وەرگێڕانی بۆ کوردی "دوکتۆر خەسرەو شالْی" چاپی یەکەم ٢٠٠١، لاپەڕە ٢

٦ ـ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵتیدا ـ د. نوری تاڵەبانی پەیامی ژمارە ١٩ ـ ٢٠ کانونی دووەمی ١٩٩٩لاپەڕە ٢

٧ ـ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق ـ سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (١٩٢٨ ـ ١٩٣١) ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩، لاپەڕە ١٧٨ ـ ١٨٠.

٨ ـ کێشەی کورد وەکوو چۆن نووسەری تورك ئیسماعیل بێشکچی دەیخاتە ڕوو ـ نووسینی د. نوری تاڵەبانی ـ وەرگێڕانی ساڵح محەممەدئەمین. بڵاوکراوەی پەیامی لەندەنی ژمارە ٢١ لاپەڕە ٣٤

٩ ـ دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی؟ یان کلۆڵی نەتەوەیەك، نووسینی "جۆناتان ڕاندالْ" وەرگێڕانی بۆ کوردی "دوکتۆر خەسرەو شالْی" چاپی یەکەم ٢٠٠١، لاپەڕە ١٢

١٠ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٥

١١ ـ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٥

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣